# هەڵبجە ڕەورەوەی مێژووی کورد و هێمای قوربانیدانە، نەك سودفە

سالار بابەشێخ
Salar_hisami@yahoo.com

گۆڕستان پڕە لە چرپە.

بەرەبەیانە و ڕەهێڵەی فرمێسك بەسەر گۆنادا گلار دەبێتەوە و یەك بە یەكی كیلەكانی شەهیدانی هەڵبجە دەشواتەوە.

ئەسرین كێلەبەردەكان رادەژەنێ و یەك بە یەكی تەرمەپیرۆزەكانی شاری شەهیدان دەهەژێنێ.

گۆڕستانی هەڵبجە پڕ بووە لە چرپە. كێلەكان دەستیان لە ئەستۆی یەكتر كردووە و هاواری قوربانییەكانی ئەم شارە وەنەوز برە، لە وەرزی پاییزی ئەندیشەكان و خەزانێكی نامۆدا چەخماخە لێدەدات و گوێی ئاسمانەكان كەڕ دەكات.

لە چەند چركە ساتدا رژێمی گڕ و ئاسن و كیمیا، قاری دەیان ساڵەی خۆی بەم شارە دەڕێژێ.

منداڵ لە لانكەكەیدا دەخنكێ و دایكی بە دووكەڵێكی ڕەشتر لە دڵی سەدام حوسێن، هەناسەی لێدەبڕێ.

"كچ دەیهەوێ را كا خۆی بە قوربانی باوك و برا كا" بەلاّم راناگا و بۆخۆیشی دەمرێ، عومەری خاوەر دێت كۆرپەكەی لە مەرگ رزگار كا، بەلاّم گازی كیمیایی مەجالی نادا پشتی راستەوە بكا.

لە یەك چركەدا 5000 شەهید، 5000 گوڵی نیو بەستە و نەشید، مەرگ شیرازەی بوونیان هەڵدەتەكێنێ، هەزاران جەستەی هەڵقرچاو، هەزاران كەسی بە گازی كیمیایی هەڵتۆقاو، سەدان مرۆڤی كەم ئەندام كراو، كە هەتا هەنووكەش ئازاری دووكەڵ لە جەستەیاندا ماوە، قوربانییەكانی هەڵەبجەی شەهیدن.

نە بوومەلەرزە هات و نە لافاوێك لە ((زەڵم))ەوە شاری راماڵی، نەگڕكانێكیش لە دڵی شاخی ((شنروێ)) بەسەر شارەكەدا تەقییەوە، نە برووسكەی هەورێك شارەكەی سووتاند، بەڵكو ئەوەی بەم شارە كرا، ركی ئەوانە بوو كەهەردەم لە ئاخۆڕی بكوژانی كوردەوە سەردەر دێنن.

لە كۆشكی جەفا و ستەم، بۆ پاكتاوكردنی كورد بڕیاری كیمیابارانی هەڵەبجە دەركرا و لەسەر دەستی ڕەشی عەلی كیمیایی شارەكە وپەلەوەر و بوونەوەركانی بە چەند چركەساتێك خنكان.

فڕۆکەکانی باوانکوژی کورد، بە بۆمبای کیمیایی، ژاری خۆیان بە کورد رشت!

ئەمە سودفە نییە، خانمی وەزیر

کامە سودفە؟!

ئەگەر پەرلەمانتارێکی عەرەب و هاودەست و هاوهەڵوێستەکانی رژێمی بەعس و پاشماوەکانی رژێمە هەڵتەکاوەکەی سەدام شتی وایان بگوتبا، کێشە نەبوو.

خانمی وەزیری شەهیدان و ئەنفال، سەردانێکی گوندی ((عەنەب)) بکە، بگەڕەوە بۆ ساڵی 88 بۆ ئەو کاتانەی کە هەڵەبجەییەکان لە دەستی دێوەزمەی مەرگ و حەفی مرۆڤخۆران پەنایان بۆ بەرزاییەکانی عەنەب برد و لە نیوەی رێدا هێزی چۆکیان بڕا، ئەوان بە سودفە بەر نەبوونەوە، ئەوان دەیانویست سەرکەون بۆ کەل، هەنگاوێکیان نا،بەلاّم هەنگاوەکەی تریان بۆ هەڵنەگیرا، بە سودفە نەبوو بڕوا بکە.

چما تۆ خۆت قوربانی دەستی خاوەن فڕۆکەکان وتیرۆریستە هاوپەیمانەکانیان نیت؟!

ئەی کوا سەعد عەبدوڵلاّی قارەمان؟ ئەی کوا ئەوانەی لە یەکی شوبات هەنجن هەنجن کران؟ ئەوانەش قوربانی سودفە بوون؟

نا...نا ...نا هەرگیز باوەڕ ناکەم ئەوانە و شەهیدانی جینۆسایدی کورد، شەهیدی سودفە بن.

دار و بەردی هەڵەبجە کیمیاباران کرا، شارێك بە هەموو بوونەوەرەکانیەوە بە پیلانی پیلاندووران خنکا، تۆ بڵێی پیلانەکانیش بە سودفە بووبێتن؟!

بەم لێدوانەی ئێوە، گۆڕستانی هەڵەبجە لە قوڵپەی گریانی کەسوکاری شەهیدان و خەمخۆرانی دادێی کوردستاندا وەخەبەر هاتووە. شاری شەهیدان ئەو شارەی بە درێژی تەمەنی هێمای بەرنگاری و بەربەرێکانێی داگیرکەرانی کوردستان بووە و بە جاران لە لایەن نەیارانی کوردەوە رووتاوەتەوە، ئەو شارەی پێشمەگە بەورئاساکانی لە داوێنی خۆیدا بۆ رزگاری لە ژێردەست بوونی کورد پەروەردە کردووە، ئەو شارەی هێرۆشیمای کوردستانە و ناوی هەڵەبشیمای لەسەر نرا، ئەو شارەی پتر لە 5000 مرۆڤی کۆرپە و منداڵ و میرمنداڵ و پیر و لاوی لە رۆژێکدا کردە قۆچی قۆربانی، ناتوانێت پلە بۆ شەهیدەکانی دابنێت.

شەهیدانی هەڵەبجە لە شەهیدانی شەڕی ناوخۆ کەمتر نین.

هەڵەبجە سەرنشینی ئۆتۆمبێلێکی دائیرەیەك نەبووە کە لەکاتی هەستان بە ئەرکێکی ئیداریدا وەرگەڕابێ و گیانی لەدەست دابێ.

**هەڵەبجە فاکتەرێکی نێودەوڵەتییە بۆ ستەملێکراوی کورد و هێمای پێناسەکردنی کێشەی کوردە لەسەرلەبەری گیتیدا، لە ئەورووپا و ئەمریکا خەڵك عومەر خاوەر باشتر دەناسن تا سەرکردەکانی کورد.**

**نا نا هەرگیز باوەڕ ناکەم عومەری خاوەر شەهیدی سوتفە بێت.**